

**دەریا ڕەواندزی**

## موعجیزەی کوردەکان

کتێبی (موعجیزەی کوردەکان) لەلایەن نووسەری بەناوبانگی ئەمریکیی "ستیڤن مانسفێلد" بوە جێگەی بایەخی میدیا جیهانییو نووسەرە دیارەکانی جیهانو دەنگدانەوەی جیهانی لێکەوتەوە.
نووسەری کتێبکەکە دەڵێت:
دەڵێت کورد خاوەنی ٤٠ ملیۆنە بەڵام وولاتی نیە خاکی نیە چەندین ساڵە کورد دەچەوسێتەوە لەژێر دەستی عەرەب، فارس ، تورک ، بەتایبەتی کوردی عیراق تاکو ئێستا سەدان هەزار کورد بەدەستی سەدام حوسین ، شەهید کراون ، عەرەب ویستی ناوی کورد بسڕێتەوە لەسە رووی زەوی بەڵام ئیرادەی کورد زۆر بەهیز بوو هەموو هەوڵێکی دوژمنانی پوچەڵ کردەوە ، کورد نەتەوەیەکی چاو نەترسە خاوەن هەستێکی
ئێجگار بەرزن ، ئێستاش هەموو جیهان شانازی بە کورد، دەکات بە تایبەتی پێشمەرگە کە بەرەنگاری گەورەتریین تیرۆریستی جیهان بۆتەوە ئەویش داعش ە ،
کورد دەبێتە مۆدێرنترین نەتەوەی جیهان. تەلەفزیۆنێکی ئەمریکیش دەڵێت: کوردەکان تەنها نەتەوەی خۆر هەڵاتی ناوەڕاستن کە دژی تیرۆرو تۆقاندن و تاریکینو دەکرێت هاوپەیمانی ئەمریکا بن.
لە چەند مانگی ڕابردوودا، شەڕی کورد دژی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە رووبەڕووبوونەوەی داعش و مامەڵەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، میدیا جیهانی و ناوەندی نێودەوڵەتییەکانی زیاتر بە پرسی کوردەوە سەرقاڵ کرد.
لەئێستادا، نەك تەنها لەناوەندە سیاسییەکاندا، بەڵکو لە ناوەندە فیکریی و راپۆرت و بابەتی نووسەرو رۆژنامەنووسانی جیهاندا، پرسی کورد یەکێکە لە گرنگترین پرسەکان.
نووسەری دیارو بەناوبانگی ئەمریکی، ستیڤن مانسفێلد، کە یەکێکە لە باشترین نووسەرەکانی نێو لیستی نوسەرەکانە
تەلەفزیۆنی سی بی ئێن نیوزی ئەمریکی، لە چاوپێکەوتێنکدا لەگەڵ نوسەری کتێبی "موعجیرزەی کوردەکان" راپۆرتێکی لەسەر کورد ئامادە کردوەو باسیلەوەکردوە: کوردەکان لەلایەن دەوڵەتانی جیهان و ناوچەکەوە رووبەڕووی هەڕەشەی لەناوبردن و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی کیمایی بوونەتەوە.
تەلەفزیۆنەکە باسی لە پێشوازیکردنی هەرێمی کوردستان لە کەمە نەتەوەکان کردوەو هەرێمی کوردستانی بە شوێنی پێکەوەژیان ناوبردوەو جەختیکردۆتەوە، هەرێمی کوردستان شوێنێکی جیاوازە لە ناوچەکەدا.
کەناڵی سی بی ئێن نیوزی ئەمریکی باسی لە دژایەتیکردنی ئێران و تورکیا کردوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و پرسیاری ئەوەشی کردوە، ئایا ئەمریکا یارمەتی کوردەکان دەدات بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان.

دەشڵێت: تورکیا مەترسی کورد لە مەترسی داعش بە گەورەتر دەزانێت بۆ سەر خۆی. وەك ئەوەی کە کەناڵەکە ئاماژەی پێداوە، تەنها هاوپەیمانی دروستی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کورد دەبێت. ئەم پەرتووکە ئێستا
لەکتێبخانەی ئەمریکاو کەنەدا هەیە و خوێنەرێکی ئێجگار زۆری هەیە ، تاکو ئێستا نزیکەی ٢ ملیۆن فرۆشراو.

ئامادەکردنی دەریا ڕەواندزی

ئەمەش چاوپێکەوتنی کەناڵی سی ئێن ئێن ە لەگەڵ ئەم نووسەرە بەناو بانگەو دەربارەی پەرتووکەکەی.

http://www.examiner.com/…/the-miracle-of-the-kurds-by-steph…
The Miracle of the Kurds, by Stephen Mansfield
ISIS, Peshmerga, Kurds and Kurdistan lead national news stories, yet the average American knows little about them except for ISIS's recent barbaric acts of terr
EXAMINER.COM